# پاشماوەی دۆکتۆر شاکر الخصباک: کورد تا ئێستاش خۆی سەروەری خۆی نییە

بکەن و بەگوێرەی ڕاوبۆچوونە ماقووڵ و مامناوەندییەکانی ئەو بجووڵێنەوە و ئەو هەمیشە لەگەڵ حەقدایە و...." هەموو ئەو بیرەوەرییانەش من لە بارەی کوردەکانەوە دەیانڵێم ئەو دووبارەیان دەکاتەوە، بۆ نموونە من لەو کەسانەم کە لەو باوەڕەدا نین کوردی مەسیحی هەبن! کوردەکان یەکسەر لەسەر ئایینی زەردەشتییەوە هاتنە سەر ئایینی ئیسلام و هەندێک لە خۆرهەڵاتناسان هەن پێیان وایە کوردەکان بە قۆناغێکدا تێپەڕ بوون و... ئەم نووسەرەش سوودی لە بیرەوەرییەکانی من وەرگرتووە و کتێبەکەی ناوی "کرد وعرب"ە و ناوی .... الموصلیە و خەڵکی سورییایە و ئەو دەڵێت: "ئەم پیاوە نموونەی زانای کوردە و بەر لە هەر شتێک ڕۆشنبیرییەکی بەرفراوانی هەیە وەکوو چۆن لە کتێبەکانیدا دەردەکەوێت و پاشانیش بابەتییانە دەڕوانێت و حوکمەکانی ڕاستن و..." خۆزگا ڕۆژێک ئەو کتێبەت دەبینی، چونکە کتێبێکی گرنگ، لێکۆڵینەوەیەکی بەسوودە و لە بارەی کوردیشەوەیە. وەکوو پێشم گوتیت ئەوەندەم بەسە کە کاتێک ئاماژە بە بیرەوەرییەکانم دەکەن بە بیرەوەریی ڕاستەوەوان و بابەتییانە باسیان دەکەن، هەربۆیە پێموایە کە خزمەتی وڵاتەکەمم، نەک بە تەنیا خزمەتی کوردەکان، کردووە و ئەگەر سوودیان لە بیرەوەرییەکانم بکردایە، دووچاری ئەو گرفت و کێشانە نەدەبووین، چونکە ئێمە هەموومان دەمانەوێت خۆمان لە زۆر گرفت و کێشە لا بدەین. کوردەکان شتێکیان گوت و ئەمانیش سوپا و سەربازیان کردەنە سەر. ئەمەش دەمارگیرییەکی شۆڤێنیستانەیە و هیچ بیانوویەکی نییە. پاشانیش کوردەکان هەروەکوو دراوسێی عەرەب دەمێننەوە و عەرەبیش دراوسێیان و نە ئەوان خۆیان دەپێچنەوە و دەچنە شوێنێکی تر و نە ئێمەش دەتوانین، کەواتە دەبێت پێوەندیی سروشتی و ئاسایی لەنێوانماندا هەبێت و..."

**پەروین:** "هەتا هەوڵی کۆچپێکردن و زەبروزەنگ و..."

**شاکر:** "دە ببینە! بێگومان ئێمە دژی کۆچپێکردن و ئەو شتانەین، بەڕادەیەک کە ئەمە کردەیەکی نائینسانییە یەکێک لە جێگای خۆی هەڵکەنیت و بیگوێزیتەوە بۆ جێگایەکی دیکە. بیهێنە پێش چاوی خۆت! من ئێستا چیرۆکێکی سادە و زۆر جوانت بۆ دەگێڕمەوە، کە چۆن کەسێک لەسەر ئەوە دەمێنێتەوە کە شانازی بە زێدەکەیەوە، زێدەکەی هەرچییەک بێت، با بیابانیش بێت، دەکات! جارێک لە جاران لە یەکێک لە گەشتە زانستییەکانمدا بۆ باکوور، وەک بێتەوە بیرم بەرەو سەرسەنگ دەچووین، پیاوێکی پۆلیس لەگەڵ ژنەکەیدا لە هەمان پاسدا لەگەڵماندا سوار بووبوون، خەڵکی سەماوە، واتە بیابانشین، بوون. ژنەکە بەدرێژایی ڕێگا دەگریا و ئەو پیاوەش لە سەماوەوە نازانم بۆ کوێ، بۆ سەرسنگ، نەقڵ کرابوو، ژنەی کلۆڵیش هەر دەگریا و ئێمەش گەیشتینە ئەو هەموو چیا و سەوزاییە و خۆت دەزانیت ناوچەی سەرسنگ چ دیمەنێکی هەیە و پیاوەش کە چاوی بەو هەموو جوانییە کەوتبوو ڕووی لە ژنەکەی کرد و گوتی: "ئەرێ تێ ناگەیت، نابینیت خوا چی دروست کردووە! بۆچی دەگریت، بۆ سەماوەیەک، بۆ بیابانێک، کە هیچی تێدا نییە! ئەو هەموو شاخوداخ و جوانی و شینایییە نابینیت! بۆچی دەگریت!" ژنەکەش گوتی: "چی لە داروبەرخت و شینایی بکەم، من کەسوکارمم لەوێ بە جێ هێشتووە و..." دەبینیت! ئەو ژنە بەشێکە لە زێدەکەی خۆی و دوای مێردەکەی خۆی کەوتووە و هیچ زەبروزەنگێکیشی لەگەڵدا بە کار نەهێنراوە و هاوکاتیش هەست بەو خەمینییە دەکات و... ئەوجا سەیری ئەوە بکە ئەو هەموو خەڵکەیان بە زۆری زۆردارەکی ڕاگواست و ڕەوانەی بیابانەکانیان کردن و لە هەمووشیاندا هەستونەستی مرۆڤانەیان دەبینیت و ئەمانەش هی لێبووردن نین و..."

**پەروین:** "باشە! تۆ کە ئاگاداری دەنگوباسەکانی کورد بوویت، لە کوێ بوویت کاتێک بە کیمیاوی لە هەڵەبجە درا و دژکردەی تۆ چی بوو؟"

**شاکر:** "بێگومان ئەوسا من لە صنعاء بووم و پاشانیش، لە ئەورووپا یان لە ئەمریکا، بە فیلم بینیم و بۆ خۆشت دەزانیت کارێکی وا، مامڵەکردنێکی وا، نەک بەرانبەر بە هاووڵاتییەکانمان، بگرە ئەگەر بەرانبەر هەر گەلێکی دیکەیش بکرێت، ناکرێت بە هیچ شێوەیەک قبووڵی بکەین. ئەو دیمەنانە هێندە تۆقێنەر و ناخۆش بوون بە ڕادەیەک کە نەتدەتوانی تەماشاشیان بکەین، بەڵام هاوکاتیش ناکرێت بڵێیت ئەمە تاکەشتێکی تۆقێنەر و ناخۆش بوو، چونکە هەموو گەلانی عیراق دووچاری ئەم جۆرە ڕووداوانە کران. تەماشا بکە هەتا بە هەمان شێوە لە دانیشتووانی باشووریش درا. واتا ئەم کردەیە، بە نیسبەت ئەو دەسەڵاتدارانەوە، کردەیەکی ئاسایی بوو و هیچ شتێکی سەرسوڕهێنەر و نائاشنای تێدا نەبوو و بەو شێوەیەک خەڵک، هەر هەموویان، دووچاری ئەو کردەیە کران. دنیا، تەنانەت دنیاش، نکۆڵی لەو کردەیە کرد و ئەوجا لە کەسێک مەپرسە کە بەو جۆرە لە هاووڵاتییەکانی دەدرێت. بەڵام پێت سەیر نەبێت، دیکتاتۆرییەتەکان هەموویان هەر وان و هەر هەمان شتیان کردووە و ئەگەر هەزارانیش بکوژن وەکوو هێتلەر و ستالین و هەموویان، هەموویان هەر هەمان شتیان کردووە. واتا: هیچ نامۆییەکی تێدا نییە و ئەمە شێوازی خۆیانە و ئەوان لەو بڕوایەدان کە ناتوانن بەبێ زەبروزەنگ خەڵک بەڕێوەبەرن و شێوەکانی زەبروزەنگیش دەگۆڕدرێن و ئەو دیمەنانەش لەبەر سیمای ناشیرین و پلەی دڕندەییان ناکرێت لە بیر بکرێن و بە نیسبەت کوردەکانیشەوە ئەو دیمەن و ڕووداوە ناخۆشانە هەبوون و تا ئێستاش هەر بەردەوامن. سەیر بکە! من تا ئێستاش قسەیەک کە بەر لە چلوچوار ساڵ لەمەوبەر گوێم لێ بووە لە بیرم نەکردووە و ئەوسا بە کاری کۆکردنەوەی زانیاریی زیاتر چووم بۆ لای جۆلایەک لە سلێمانی و لاوێکی کوردیشم وەکوو وەرگێڕ لەگەڵدا بوو ـ ئەوسا عومەر عەلی پارێزگاری سلێمانی بوو ـ ئەو جۆلایە پێ وتم: "مامۆستا ئێمە چین! کێین! کەسانێکین کە بووین بە بندەستی عەرەب!" تەنانەت وەرگێڕە کوردەکەش لەبەر خاتری من بەو قسەوباسە نارەحەت بوو. کەواتە هەستی خەڵک بەو شێوەیەیە و ئەمەش بەبێ هۆ نییە. ئەوان هەستێکی تاڵیان هەیە بەرانبەر بەو ئەزموونانەی لەگەڵ عەرەبدا هەیانبووە. هۆیەکەش چییە ئەوەیە کە فەرمانبەرەکانیان، دادوەرەکانیان هەموویان هەر عەرەبن. با شتێکت بۆ بگێڕمەوە ـ یەکێک لە هاوڕێیەکانم، کە لە هەولێر سەرباز بوو، بۆی گێڕاومەتەوە ـ گێڕایەوە و وتی: "لە هەولێر بووین و سێ جووتیاری کوردمان لەگەڵدا بوو و عەریفەکەشمان عەرەب بوو. ئەو جووتیارانە لەنێو خۆیاندا بە کوردی قسەیان دەکرد و عەریفەکەش هەموو جارێک لێیان تووڕە دەبوو و نەیدەهێشت بە کوردی قسە بکەن. جووتیارەکان عەرەبییان نەدەزانی و ئەویش چەند جارێک لەسەر ئەوەی لەنێو خۆیاندا بە کوردی قسەیان دەکرد سزای دان و زیندانی کردن." برادەرەکەم وتی: "ئەوانیش ناچار لە ترسی سزا و زیندانیکردن قڕوقەپیان لێ کرد و ئیتر لەگەڵ یەکتریش قسەیان نەدەکرد و ئێمەش هیچمان پێ نەدەکرا چونکە زۆر کەللەڕەق و خراپ بوو لەگەڵماندا، تا ڕۆژێک ئەفسەرێک بۆ پشکنین لە بەغداوە هات و لە حاڵ و ئەحواڵی

پرسین. یەکێک لە برادەرەکانمان هاتە دەنگ و پێی وت: "گەورەم! حەز دەکەم شتێکت پێ بڵێم، بەڵام بە مەرجێک لە بەلای ئەم عەریفەمان بپارێزیت، چونکە پاشان تۆ دەڕۆیت و ئەویش سزای ئێمە دەدات!" وتی: "نا بەڵێن بێت، کەس ناتوانێت دەستت تێوە بدات." ئەویش وتی: "سێ لە برادەرەکانمان کوردن و عەرەبی نازانن، هەر کاتێک لەنێو خۆیاندا قسە دەکەن، عەریفیان لێ پەیدا دەبێت و لێیان تووڕە دەبێت و لێیان دەدات و سزایان دەدات، ئەوانیش قڕوقەپیان کردووە و تەنانەت پێکەوەش قسە ناکەن." برادەرەکەم وتی: "ئەفسەرەکە زۆر بێزار و نارەحەت بوو و هەڵیکوتایە سەر عەریفە و پێی وت کە بە هیچ جۆرێک بۆت نییە ڕێ لەوانە بگریت بە کوردی قسە بکەن. ئەوانە کوردن! عەرەبی نازانن! عەرەبی چییە و بۆ دەبێت بە عەرەبی قسە بکەن!" و ئیتر عەریفە وەکوو کەو چوو... ئەمە نموونەیەک لە نموونەکانە: کوردن ڕێیان پێ نادەن بە زمانەکەی خۆیان بدوێن. ئەوەی ئەمەشی بۆ گێڕامەوە کورد نەبوو، بەڵکوو عەرەبێک بوو کە ڕقی لەو حاڵە دەبووە و پێی ناخۆش بوو ڕێیان لێ بگیرێت بە زمانەکەی خۆیان قسە بکەن..."

**پەروین:** "عەریفەکەش لەبەر ئەوەی خۆی عەرەب بووە لەو باوەڕەدا بووە کە دەبێت هەموو کوردێک عەرەبی بزانێت!



دۆکتۆر شاکر الخصباک و د. پەروین

بەڵام بە هیچ عەرەبێکی ڕەوا نەبینیوە کە تەنانەت وشەیەکی کوردیش بزانێت!" **شاکر:** "لەڕاستیدا هەموو بەو شێوە نین! من هاوڕێیەکی عەرەبم هەبوو لە بەڕێوەبەرایەتی باخ و باخات کاری دەکرد، چونکە زیرەک بوو و لەگەڵ کوردەکانیش پێوەندی خۆش بوو و تێکەڵیان دەبوو بە کوردییەکی پاراو قسەی دەکرد. گرفتەکە عەرەبەکان خۆیانن! تێکەڵ نابن. بە کوردی ناخوێنن. ئیتر چۆن فێر ببن. بڕوانە! گرفتەکە چییە؟ هەتا لە یەکێتیی سۆڤیەتیش، ئەوسا، زمانی ڕووسی بۆ نەتەوەکانی تریش زمانی یەکەم بوو و زمانی خۆشیان زمانی دووەم و ئەمەش پێوەندی بە پێکهاتەی ڕژێمەکەوە هەبوو، کە لە ڕاستیدا پێکهاتەیەکی چەوت و هەڵە بوو..."

**پەروین:** "ئاخر بەڕاستی قسەکردن بە زمانی دایک هەقێکی ئینسانییە بۆ هەموو کەسێک!"

**شاکر:** "لەڕاستیشدا هەر بەو جۆرەیە. هەقێکی ڕەوای هەموو کەسێکە. من ئێستا دەبیستم کە تەنانەت کوردە ئاوارەکانی سوید و وڵاتی دیکەش ئەو مافەیان هەیە و زمانی کوردی دەخوێنن. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئاوارەن و ناچاریش نین فێری کوردی بن. ئەمانە بەڵگەنەویستن و ئاشکرایە کە مافی ئاسایی هەر ئینسانێکە. هەر میللەتیش ئەو مافانە زەوت بکات، لە دواکەوتووی و بەخۆوەنازین زیاتر هیچ هۆیەکی دیکەی بە دەستەوە نییە. ئایا ڕێگرێک هەیە وا لە ئینسان بکات بە زمانی خۆی قسە نەکات! ئەگەر هەیە لە ئەنجامدا کێ زەرەرمەند دەبێت! ئایا زیانی ئەوە چییە بە زمانی خۆت قسە بکەیت!؟ ئەمە لە دواکەوتووی زیاتر شتێکی دیکە نییە. قسەکردن بە زمانی زگماک، شانازیکردن بە ناسنامەی نەتەوەییەوە لە مافە سەرەتاییەکانی ئینسانن و کەس مافی زەوتکردنیانی نییە. من تا ئێستا ئەوەم لە بیرە کە لەسەر دیوارەکانی شەقلاوە و ئەملا و ئەولا نووسرابوو: "امە عربیە واحدە، ذات رسالە خالدە!" ئەمە چ قسەیەکە لە ناوچەیەکی کوردنشیندا ئەمە لەسەر دیوار بنووسرێت! چ هۆیەک بۆ نووسینی قسەی وا سەیروسەمەرە لەو شوێنەدا هەیە!؟ ئەوانەی لە پشت ئەو قسەیەوەن و باوەڕیان پێیە با لە ناوچە عەرەبییەکان بینووسن، بۆ دەچن و لەنێو کەسانێکدا ئەو قسانە دەکەن و دەنووسن کە عەرەب نین. ئەمە لە تووڕەهات زیاتر هیچ مانایەکی دیکەی نییە، چونکە هیچ بیانوویەکی لە پشتەوە نییە.

**پەروین:** "دۆکتۆر ڕات بەرانبەر بەو هەڵبژاردنانە چییە لە کوردستاندا کران؟"

**شاکر:** "لەڕاستیدا دۆکتۆرە پەروین من حەز ناکەم شتێک بڵێم کە نایزانم! من دەبیستم کە ئەو هەڵبژاردنانە لەسەر بنگەی ڕاست و دروست ئەنجام نەدراون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوی باشن، لەبەر هیچ نا لەبەر ئەوەی لە ڕێی ئەو هەڵبژاردنانەوە هەستێک لای خەڵک دروست دەبێت کە دەتوانن کەسانێک هەڵبژێرن نوێنەرایەتیان بکات. بەڵام دیسان لەبەر ئەوەی بەتەواوی ئاگاداری وردەکارییەکان نیم، نامەوێت شتێک بڵێم کە ناتەواوە و ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارەت بدەمەوە."

**پەروین:** "ئایا دەتەوێت دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی ببینیت؟"

**شاکر:** "لە ئێستادا نەء! چونکە دەوڵەتێکی زیندانیکراو دەبێت. بەر لە هەر شتێک، ئەم پرسیارە قبووڵ ناکرێت، بەوەی کە تورکیا ڕێ بدات بەشێکی گەورە لە خاکەکەی لە دەست بدات و لێی جیا بێتەوە، کە بەشێکی گرنگە. یان ئێران. بە نیسبەت عیراقیشەوە تۆ بۆ خۆت ئاگاداری باری ئێستایت و دەوڵەت ئێستا لە عیراقدا شلوشەوێقە و ئەم قسەیە عیراق ناگرێتەوە و ئێستا لەوێ کورد نیمچەسەربەخۆیی هەیە. بەڵام بە نیسبەت دەوڵەتە گەورەکانی وەکوو ئێران و تورکیاوە ناکرێت. بڕوانە! هەر ئێستا لە تورکیا پارتیی کرێکارانی کوردستان چەند داوایەکی سادە و ساکاری هەیە، داوای شتی زۆر گەورە ناکات و سەرۆکەکەشی کەسێکی زانایە و هەوڵ دەدات تورکەکان لەوە تێ بگەیەنێت کە وەکوو کورد دان بە کورددا بنرێت و ئەو مافانەیان پێ بدرێتەوە کە بۆ هەر گەلێک شتێکی ئاساییە، بەڵام تەماشا بکە چ زەبروزەنگێک بەرانبەریان بە کار دەهێنرێت. تورکیاش دەوڵەتێکە و خاوەن لەشکرێکی بەهێز و گەورەیە و ئێرانییەکانیش دەڵێن ئێمە موسوڵمانین و هێنانەپێشەوەی ئەوەی ئەم کوردە و ئەو ئێرانییە مەسەلەیەک نییە و ئێمە هەموومان گەلانی موسوڵمانین و مەسەلە نەتەوەییەکانیش لە ئارادا نین، بۆیە لەو بڕوایەدام کە..."

**پەروین:** "ئایا ئەمە ڕێ لەوە دەگرێت کە کوردەکان مافی ڕۆشنبیری و مافەکانی تریان هەبێت!؟ ئایا ئیسلام ڕێ لەوە دەگرێت؟"

**شاکر:** "نا مەسەلە ڕێگرتن نییە! ئاخر لەڕاستیشدا ئیسلام جەختی لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی نەکردووە و داوای یەکسانی مرۆڤەکان دەکات و تەنیا لە ڕووی بڕواوە جیاوازی لەنێو نەتەوەکاندا دەکات. بۆ خۆشت دەزانیت لە ئیسلامدا نەتەوە گرنگ نییە و برایەتی و دین گرنگە، کەواتە ئێمە لەم ڕووە ناتوانین هیچ حوکمێک بدەین و دەبێت لەبەر ڕۆشنایی چەمکە هەنووکەییەکاندا لە ڕووداوەکان بڕوانین، بۆ نموونە وەکوو چەمکی مافەکانی مرۆڤ، یان ئەوەی کە هەر نەتەوەیەک زمانی خۆی، پێوانە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی هەیە و دەیەوێت خاوەنی کەسایەتیی خۆی بێت. لێرەدا پرسیارێک کە بە بیرمدا بێت و گرنگ بێت ئەمە نییە بەڵکوو ئەوەیە کە کێ هەقی ئەوەی هەیە جۆرێک لە جۆرەکانی حوکمکردن بەسەر کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو کە خاوەنی کەسایەتییەکی نەتەوەیی جیاوازن بسەپێنێت! یانی دەبێت چی وا لە من بکات خۆ بەسەر کوردەکاندا بسەپێنم و بڵێم تۆ نابێت سەربەخۆ بیت و دەبێت هەر لە چوارچێوەی حوکمی عەرەبەکاندا بمێنێتەوە و مل بۆ دەستەڵاتی حکوومەتی ناوەندی بدەیت! من کێم تا بتوانم وا بڵێم! ئەمانە کە باس دەکرێن چەند مافێکی ئاسایی هەر مرۆڤێکن، بەڵام ئەم مافە نین کە پێڕەو دەکرێن، بەڵکوو هێز پێڕەو دەکرێت. ئەوەتا دەبینین لە وڵاتانی تر نەتەوەی دیکە هەن کە ئەوەیان هەڵبژاردووە پێکەوە یەک بگرن و دەوڵەتی تایبەت پێک بهێنن. خۆیان و بە خواستی خۆیان ئەمەیان هەڵبژاردووە، چونکە بەرژەوەندییەکانیان هاوبەشن و هاوکارییان بەهێزتریان دەکات و کەڵکی زیاتری بۆ هەریەکەیان تێدایە. بەڵام بە زۆر سەپاندن و هێز بەکارهێنان و ئەو شتانە ناکرێت و..."

**پەروین:** "وەکوو دەڵێیت گریمانەی پێکهاتنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە ئێستاوە دوورە، باشە داهاتووی کورد چۆن دەبێت؟ ئایا ڕووناکبینیت یان نا؟"

**شاکر:** "لەڕاستیدا ئەم پرسیارە پرسیارێکی یەکجار قورسە، چونکە تا ئەمڕۆ بارودۆخی نێودەوڵەتان نائاشکرایە و ڕژێمی عیراقیش، ئەگەرچی ڕژێمێکی نەفرەتلێکراوە، بەڵام تا ئێستاش لە ئارادایە. بە نیسبەت ئەو قسەوباسانەشەوە کە بەرپرسیارانی کوردیش دەیانکەن ئەوەیە کە دەڵێن گرنگترین شت بۆ ئێمە دیموکراتییەتە و ئەو ڕۆژەی دیموکراتییەت لە عیراقدا جێگیر دەبێت ئامادەین بە هەرشێوەیەک کە بۆ هەردوولا گونجاو بێت یارمەتی بدەین. منیش لەو کەسانەم کە بڕوایان وایە مانەوەی کوردەکانی عیراق لەگەڵ عیراقییەکانی تردا تەنیا لە بەرژەوەندیی عەرەب نییە، بەڵکوو لە بەرژەوەندیی هەردوولایە، چونکە لە ڕاستیدا پەیوەندییەکی ئابووریی پتەو لەنێوانیاندا هەیە، پاشان بەتایبەت بە نیسبەت کوردەکانی عیراقەوە یەکانگیرییەکی پتەو لەنێو هەردوو گەلی عەرەب و کورددا هەیە و لە ئێستادا بە هەزاران لە کوردەکان لە ناوچە عەرەبییەکاندا دەژین و پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی بەرزیان هەیە، هەربۆیە ئەگەر ڕژێمێک هەبێت بتوانێت ئەو دوو گەلە لە تاکە دەوڵەتێکدا پێکەوە کۆ بکاتەوە و پێکەوە جۆرێک لە جۆرە جیاوازەکانی بەڕێوەبردن هەڵبژێرن، ئەوا ئەمە لە دژی کوردەکان نییە، بەڵام دەبینیت خۆسەپاندن لەلایەن نەتەوەیەکەوە بەسەر نەتەوەیەکی تردا هەیە و گرفتە سەرەکییەکەش ئەمەیە. من لە دەمێکەوە ئەمەم لە پێشەکیی کتێبەکەمدا نووسیوە و لەڕاستیشدا ئێمە شەریکین و نابێت خۆسەپاندن بەسەر یەکتریدا لەنێوانماندا هەبێت. پاشانیش خۆ کوردەکان نەتەوەیەک نین لە جێیەکی ترەوە هێنابێتمان تا خۆمانیان بەسەردا بنوێنین. ئەوان هەزاران ساڵە لە جێوڕێی خۆیاندا دەژین و بارودۆخی نێودەوڵەتان ئەوەی

٢٨ل